سەرۆكی شارەوانی سەید صادق دەگۆڕێت

شەقام/پ.سەید صادق

بڕیار وایە سەرۆكی شارەوانی سەیدسادق و سیروان كەسەربە یەكگرتوی ئیسلامی كوردستانن لەسەركار لابرێن و دووكەسی تر لەجێگەیان دابنرێن .

ئەندازیار (جەلال تاهیر) كەئێستە سەرۆكی شارەوانی سەیدسادقەو بەهەڵبژارن ئەو پۆستەی وەرگرتووە ، لەچوارچێوەی ئەو گۆڕانكارییەی كەحكومەتی هەرێمی كوردستان ئیدارەی سلێمانی لە هەندێك شارەوانییەكانی ئیدارەكەیدا دەیكات ، پۆستەكەی لێوەردەگیرێتەوە و لەجێگەی ئەو كەسێكی دیكەی سەربە یەكگرتوی ئیسلامی دادەنرێتەوە .. ئەگەرچی سەرۆكی شارەوانی سەیدسادق

ڕایگەیاند كەهێشتا كار بەو بڕیارە نەكراوە ، بەڵام سەرچاوەیەكی ترلەمەڵبەندی (١٠)ی یەكگرتوو ئەو هەواڵەی تەئكید كردووەتەوە .

پلشماوەی

(حەمید مەجید..)

و دوای كودەتاكەی ساڵی ١٩٦٨ ی ڕژێمی بەعس بەمەبەستی شێواندنی باری دیموٚگرافی كەركوك هێنراون بۆ كەركوك . هەروەها كەركوكی لەبارەی هاوهەڵوێستی لەسەر ئەم بڕیارە ئەوەی روونكردەوە كە: لەگەڵ ئەنجوومەنی پارێزگای كەركوك قسەمان كردووە بۆ جێبەجێ نەكردنی ئەم بڕیارە و هەموو لایەنەكانیشمان لێ ئاگادار كردۆتەوە تاوەكو هەڵبوەشێنرێتەوە و چونكە ئەو بڕیارە جۆرێكە لە یاری كردن بەئاگر.

جێی باسە جێگری سەرۆكی پەرلەمان كە سەرۆكی لیژنەی بەدواداچوونی ماددەی ٥٨ ی تایبەت بەئاسایی كردنەوەی كەركوك و ناوچە تەعریب كراوەكانیشە ،دووپاتیكردەوە: بەهیچ شێوەیەك ئەو بڕیارە قبوڵ ناكرێت،

ئاماژەی بەوەشدا كەپێویستە لیستی هاوپەیمانیی كوردستان لەكۆمەڵەی نیشتمانی ئێراق و وەزیرە كوردەكان لەكابینەی جەعفەری و خودی سەرۆك كۆماری ئێراق و جێگری سەرۆك وەزیرانی ئێراق كەكوردن سەبارەت بەم بڕیارە هەڵوێست وەرگرن ، داواشی كرد وەزیری نەوتی ئێراق بەو بڕیارەیدا بچێتەوەو هەڵیبووەشێنێتەوە چونكە پێچەوانەی دەستووری هەمیشەیی ئێراقە.

بەگوێرەی دەستووری ئێراق تارەوشی كەركوك و ناوچە تەعریب كراوەكان ئاسایی نەكرێنەوە و عارەبە هاوردەكان نەنێردرێنەوە جێگای خۆیان نابێت هیچ بڕیارێكی لەو شێوەیە دەربچێت.

قوتابیاني زانكۆی دهۆك داخوازییەكانیان بۆ جێبەجێ دەكرێت

شەقام.پەیامنێر

دوای ئەوەی كە هەندێ لە قوتابیانی زانكۆی دهۆك بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین لەمەڕ كەمی خزمەتگوزای لە ١٥ی ئەم مانگەدا ڕێپێوانێكی هێمنانەیان سازدا، رۆژێك دواتر " خێرەات عابد" كۆبوونەوەی لەگەڵ گشت بەرپرسانی بەشە ناوخۆییەكانی زانكۆی دهۆك پێكەێنا و گفتوگۆ لەسەر داواكاری و خواستی قوتابیان كرا.

بە گوێرەی هەواڵی پەیامنێرمان لە دهۆك، كۆبوونەوەكە بە ئامادەیی "خێرەات عابد" ئەندامی لقی یەكێتی قوتابیان لە دهۆك و بەرپرسانی بەشە ناوخۆییەكانی ئەو شارە پێكەات و تێیدا بە وردی باس لە داخوازییەكانی قوتابیان كرا و دەست لەسەر ئەو خاڵانە دانرا كە دەبنە هۆی خزمەتگوزارێكی باشتر و شیاوتر بۆ قوتابیان. هەروەها جەخت لەسەر دابینكردنی وزەی كارەبا و سوتەمەنی بۆ ئەو بەشانە كراوە و بڕیاردرا لە ئایندەیەكی نزیكدا جێبەجێ بكرێن. هەروەها لە كۆبوونەكەدا باس لە گرنگی چینی قوتابیان و بە تایبەت قوتابیانی زانكۆ كراوە، بە شێوەیەك سوود لە هێز و توانای قوتابیان وەربگیرێت.

قوربانیدانی پەنابەرانی كوردی كەمپی ئەڵتاش بەردەوامە

شەقام/ ئاژانسەكان

دوابەدوای رووخانی رژێمی بەعسی سەدام و پەرەسەندنی توندوتیژی لە ناو ئێراق ، هاووڵاتیانی كوردی دانیشتووی كەمپی ئەڵتاش بەرەورووی كاری تیرۆریستی بوونەوە و بە هۆیەوە چەندین كەسیان لێ بووە بە قوربانی.

لەمبارەیەوە كۆمیتەی پشتیوانی لە پەنابەرانی رۆژهەڵاتی كوردستان لە بەیاننامەیەكدا رایگەیاندووە كە رۆژی ١٦ی ئەم مانگە بە هۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێكی مینرێژكراو لە سەر رێگای نێوان رۆمادی و كەمپی ئەڵتاش، هاووڵاتێكی كوردی دانیشتووی ئەو كەمپە بە ناوی "دەبیر تایشەیی" گیانی لە دەستدا و كوڕی ناوبراویش بە هۆی ئەو رووداوەوە بریندداربوو. هەروەها لە بەیاننامەكەدا هاتووە كە پیاوێكی دیكە لە دانیشتوانی ئەو كەمپە بێ سەر و شوێن كراوە. كۆمیتەی پشتیوانی لە پەنابەرانی رۆژهەڵاتی كوردستان لە بەیاننامەكەدا داوای لە حكومەتی هەرێمی كوردستان كردووە كە بە هانای ئەو هاووڵاتیە كوردانە بێن و رزگاریان بكەن.

Net
شەقام
15
رۆژ جارێك بخوێنەوە

قوربانیاني تەقینەوەكاني خانەقین گەیشتە ٨٠ كەس

دوای ئەوەی رۆژی ١٨ی ئەم مانگە دوو تیرۆریست لە ناو دوو حوسێنیەی شاری خانەقین خۆیان تەقاندەوە و ژمارێكی زۆر لە هاووڵاتیانی ئەو شارە بوونە قوربانی بە پێی دوایین ئامار، ٧٤ هاووڵاتی گیانیان لە دەستداوە و ٨٠ دیكەش برینداربوونە .

وێنەی كچێك كێشەیەك دروستدەكات

لە بنكەی پۆلیسی شاوەیس دادخوازێكی ئافرەت بە ناوی "ن-م" كە ئافرەتی ماڵەوەیە، لە دژ كورێك بە ناوی "ر-ك" كە بە مۆبایلەكەی وێنەی كچێكی وەرگرتووە، تۆمار كرد.

تاوانبار لە دوای گرتنی وێنە لە كچەكە ، وینەكە بە هاوسەری دادخواز نیشان دەدات، هاوسەری دادخواز لە دوای بینینی وێنەكە تورە دەبێت و هەڵسا بە دەركردنی خێزان و منالەكانی لە ماڵەوە. شایانی باسە لە دوای لێكۆڵینەوە و وەرگرتنی گۆفتاری كچێكە، دەركەوت كە لە كاتی وێنە گرتن، كچەكە ئاگادار نەبووە. بە پێی لێكۆڵینەوەكان و گۆفتاری كچی دادخواز، دادوەر بڕیاریدا كە تاوانبار"ر-ك" بە پێی ماددەی (٤٠٢) لە یاسای سزاكان دەستگیر بكرێت.

جێ بەجێ نەكردني مادەی ٥٨ كەمتەرخەمي هەردوو حزبي كوردی تێدایە

ئەم راستیە لای هەمۆ خەڵكی كەركوك ئاشكرایە لە ماوەی سیانزە ساڵی ئاوارەبوونی خەڵكی كەركوك بەرنامەیەك نەبووە بۆ ناۆ كەركوك بۆ ئەم راستیە لە یەكەم رۆژی ئازادی دا لیپرسراوی یەكەمی حزبێك لە كورد سات ووتی: ئیمە شارەزایمان لە ناو كەركوك نەبوو بەڵی. تا ئەم ساتە بەرنامەیەكی كوردی نیە بۆ كەركوك بەڵكو هەر حزبەو بەرنامەیەكی حزبی هەیە زیاتر بۆ خزمەتی تاكەكانی ناۆ حزبەكانیان بە پێچەوانەی ئەحزابی كوردی هەموو ئەحزابی عارەبی بەراست و چەپ و ئیسلامیەوە لە بەغدا وەك حكومەتی ئێراقی یەك بەرنامەیان هەیە بۆ كەركوك لە خزمەتی عارەبی ئێراقدایە بە ئاشكرا بۆ هەر عارەبێك حەوت هەزار دۆلار سەرف دەكریت بەڵام ئەو دوو حزبە حەوت دۆلار بۆ ئاوارەكان سەرف ناكەن .

ئەنجومەنی ناو كەركوك لە بێ دەسەلاتیدا وەك هەر هاووڵاتیەك دەپارێنەوە وەك نوینەری خەڵك قسە ناكەن وە لەناو خویاندا كێشەی حزبی یان هەیە

ئێمە پێشنیار دەكەین بۆ هەردوو حزب و حكومەتی سلێمانی و هەولیر

١-بۆ هەر ئاوارەیەك سەد ملیون دینار سەرف بكرێت وەكو قەرزێك بە شێوەیەكی یاسایی لە سەریان بنوسرێت هەر كات قەرەبووی ئاوارە كرایەوە ئەو پارانە وەربگرنەوە چونكە بریار وایە بۆ هەر عارەبیك حەفتاو پێنچ ملیون دینار سەرف دەكرێت وە خانوەكانیشیان بفروشن

٢-نوینەرانی ئەنجومەن ئەگەر لە ئاستی ئەو كارە بن دەتوانن هەرچی ماڵە عارەب لە ٢٠٠٣ هاتونەتە كەركوك بە شێوەیەكی یاسایی دەریان بكەن وەك ئەو ریكەوتنەی نێوان كوردوو بەغدا كراوە

٣-ئەو ئەنجومەنەی كەركوك لە یەكەم كەسەوە هەمویان بگوردرین

٤-رێگە نەدەن بە هێچ كوردیك خانوی كوردوو توركمان بكرێت تەنها خانوی عارەبەكان بكرن چونكە دەسەڵاتدارانی كورد زەوی و خانوی كوردوو توركمانیان كرێوە بۆ خۆیان لە ناو كەركوك

٥- ئەو دوو حزبە واز لە كێشەی حزبایەتیی یان بەینن لە ناو كەركوك

٦ – لەگەڵ گەرانەوەی هەموو ئاوارەكان خانوو بۆ هەموو كەسوكاری ئەنفالەكان دابین بكرێت لە ناوكەركوك

٧ – لە شوینی ئەوەی سەدان كۆڕو كۆبونەوەی ئەو دوو حزبە ئەنجامی دەدەن بە ملیون دوولاریش سەرف دەكەن لە ژیر ناوی مادەی ٥٨ یەك گونگرەیەكی كوردی ببەستن هەمۆ حزب و لایەنەكان بە شدار ببن بە كردەوش بریارەكانی ئەو كونگرەیە جێ بەجی بكرێت

٨_ئەو پارەیەی كە خۆی لە پەنجا ملیون دولار دەدا بەدەستی لیپرسراوی مەلبەندەوەیە بۆ بەهێز كردنی خۆی بەكاری هیناوە با بەكار بهینریت بۆ ئاوارەكان

٩-داوا دەكەین لە دڵسوزانی پارتی ئەو خاینانەی دوێنی نەكەنە دەسەڵاتدار لە كەركوك وەك دلشاد پیرۆت كە زەوی زارە داگیركراوەكانی كوردوو توركمانی دەكرێ لە كاتی بەعسدا تا سەر ئیسك تێكەڵی بەعس بۆ ئیستا نوینەرە لە ئەنجومەنی كەركوك

١٠ – ئەو دەیان ملیون دولارەی دەبەخشریتە عارەب لە رێگەی ئەبو ئیبراهیمەوە كە بێ سودە بدریتە ئاوارەكان و كەسو كاری ئەنفالەكان

ئاگاداری هەموو خەڵكی كوردستان دەكەینەوە هەموو ئەو نوینەرانەی بۆ كەركوك دیاری دەكرێت ئیمە ژیان نامەی هەمویان بلاۆ دەكەینەوە لەباری خیانەت و بێ رەوشتی و دزێتی و هەموو گەندەڵیەك.

ماڵی كەركوك بۆ مافەكان

m_karkuk@hotmail.com

منالْ گشتي له برسيا مرد!

ئامانج شاكەلی

پەیامنێری كوردسات بە كوردییەكی سەروگوێلاك شكاو و بە پرسیاری هەزاربارە و سوواو خاتوو شەمسەی گەنمگردی هەراسان كردووە. خاتوو شەمسە پیرەژنێكی لە دۆزەخی ئەنفال رزگاربووی هەناو بۆكڕوز لێهەستاوە. ئەو شەو و رۆژ لە دۆزەخی دڵشكان و تەنهایی و رۆڵە كوژراندا هەڵدەقرچێ. بە ئاشكرا لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە بێزارە. دەزانێ وەك هەمیشە دەبێتەوە بابەتێك بۆ پڕكردنەوەی بەرنامە بێتامەكانی تەلەفزیۆنە كوردییەكان. دڵنیایە كەس گوێ لە ڕستە و وشە بە پشكۆی ئازار هەڵقرچاوەكانی ناگرێت.

گیرفانپڕ و غەبغەبە شۆڕانی بەرپرس و براگەورە نایانەوێ "میزاجی پرتەقاڵیان" بە خەمستانی شەمسەخان و هاوئەنفالكراوەكانی لەكەدار بكەن!

وای چ رۆژگارێكە!

گورگ پاسەوانە و شوان دانی لە گۆشت جیرە*

باڵەخانەی جاشانی دوێنێ و دزانی ئەمڕۆ وا بەری خۆری گرتووە، كەچی شەمسەكان و مەحمووەكان هێشتا لە بێبەرگییا، مەیلی هەتاون**

كوردسات، كوردستان تیڤی و تیڤییە زۆر و بۆرەكان!

- چی دی بە پرسیاری سارد و سڕ، برینی شەمسەخان مەكولێننەوە!

- بە فرمێسكی تیمساحئاساتان، خۆتان مەكەن بە مەلائیكەی سۆز و دڵنەوایی!

- ئەنفال و قوربانییەكانی ئەنفال گەلێ لە بەرنامەی بێتام و كوردییە ریسواكەری ئێوە مەزن تر و بڵندترن!

گوێتان لێنەبوو شەمسەخان چی وت؟!

"منالْ گشتی لە برسیا مرد!"

★ دێرە شیعرێكی حەمە ساڵەح دیلانە

★★ نالی دەڵێ (بێبەرگییە عیللەت كە هەتیو مەیلی هەتاوە)

كۆنفرانسی زمانی كوردی لە شاری ئامەد بەڕێوەچوو

شەقام . ئاژانسەكان

سێیەمین كۆنفرانسی زمانی كوردی، رۆژی ١٧ی ئەم مانگە لە ساڵۆنی شارەوانی (باغلار)ی شاری ئاماد دەستی پێكرد . ئەو كۆنفرانسە لە لایەن شارەوانی گەورەی ئامەد بە هاوكاری ئەنیستیتۆتی زمانی كوردی شاری ئامەد ئامادە كراوە .

ئەو كۆنفرانسە لە ژێر ناوی "كۆنفرانسی ستاندارد كردنی زمانی كوردی" ماوەی دوو رۆژی خایاند و بەشداربووان بیروڕای خۆیان دەربڕی .

لە كۆنفرانسی ئەمساڵدا لە هەر چوار پارچەی كوردستان و هەروەها دانیشتوانی ئەورووپاش چەندین نووسەر، شاعیر، مێژوووناس، زمانەوان، رۆژنامەنووس، شانۆكار، ئەكتەرەكانی سینەما و هونەرمەند و ... هتد، بەشداریان كرد و بیروڕای خۆیان پێشكەشی ئامادەبووان كرد . لە باشووری كوردستانەوە، دكتۆر عێزەددین مستەفا رەسوڵ، سەرۆكی یەكێتی نووسەرانی كوردستان، دكتۆر نەوزاد عوسمان، سەرۆكی بەشی زمانی كوردی لە زانكۆی دهۆك، مامۆستا رەمزییە سابیر لەسەر ناوی زانكۆی دهۆك، دكتۆر دڵشاد عەلی، لەسەر ناوی زانكۆی سلێمانی، هەروەها رەشید كرمانج لەسەر ناوی زانكۆی سنە، دكتۆر فازل ئەمەر، لەسەر ناوی یەكێتی نووسەرانی دهۆك، دەهام عەبدولفەتاح، وەك نووسەرێكی رۆژئاوای كوردستان، دكتۆر حوسێن خالەقی لەسەر ناوی ئەنیستیتۆتی زمانی كوردی ستۆكهۆلم، فازل ئەمین پێنجوێنی لەسەر ناوی ئەنیستیتۆتی كوردی بەرلین و سامی تان لەسەر ناوی ئەنیستیتۆتی كوردی ستانبول، هەریەكەو گوتەیەكیان پێشكەشی ئامادە بوان كرد . هەر لەو كۆنفرانسەدا عوسمان بایدەمیر، سەرۆكی شارەوانی مەزنی ئامەد باسی لە قەدەغە كردنی زمانی كوردی و ئەو ئاستەنگانەی لەبەردەم زمانی كوردیدا هەنە، كرد و گوتی :" هەبوونی زمان و میللەت، پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە، ئەگەر یەكیان تێكبچێت، ئەوانی دیكەش تێكدەچن، یەك سەر بكەوێت، ئەوانی دیكەش سەردەكەون . هەبوونی گەلی كورد، زمانی كوردییە . گەلی كورد دەبێ زمانی كوردی وەك چاوی خۆی بپارێزێت ". لە بەشێكی دیكەی كۆنفرانسەكەدا، دكتۆر عێزەددین مستەفا رەسول باسی لە پارچەبوون و سنوورەكانی زمانی كوردی لە هەر چوارپارچەی كوردستاندا كرد . ئەو گوتی :" پێشتر لە كوردستاندا گەلێك زاراوە و دیالێكتی جیاواز هەبوون، بەڵام بە تێپەڕبوونی كات، ئەو زاراوانە كەم بوونەوە و تەنیا كوردی ژێر واتە سۆرانی و كوردی سەروو، واتە كرمانجی ماوەتەوە و پێم وایە ئەو دوویەش لە ماوەیەكی بە تێپەڕبوونی كات، لە یەكتری نزیكتر ببنەوە ".

پاشماوەی (پشیله...)

ئەو پشیلەیە لەگەڵ پشیلەیەكی تر بووە بەڵام ماوەیەك لەمەوبەر چەكدارەكان یەكێك لەو پشیلانەیان كوشتووە.

ئێستاش بارەگای ئەو حزبە دوای ئەوەی شەوو رۆژێك چۆڵ دەكرێت، (٤) چەكداری تریان بۆ ناردووەو لەیەلان بەرپرسێكی ئەو حزبەوە چەكدارەكان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا كراوەو ئاگاداریش كراونەتەوە كەبەهیچ شێوەیەك بارەگا چۆڵ نەكەن وەك خۆیان دەڵێن "باحەیامان نەچێت".